دۆناڵد ترەمپ بەفەرمی وەک سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەکار بوو

دۆناڵد ترەمپ کە ئەمڕۆ وەک سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا لە کۆنگرەسی ئەمریکا "کاپیتۆل" سوێندی یاسایی خوارد و جێگەی جۆ بایدن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا گرتەوە.

ئەمەش وەک بەشێک لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی وەک چل و حەوتەمین سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هات کە ماوەی چوار ساڵی دەستپێکرد.

لە ڕۆژەسی سوێندخواردنەکە، ژمارەیەک لە کەسایەتی دیار ئامادەبوون لە نێوانیاندا سەرۆکانی پێشووی ئەمریکا بێل کلینتۆن و باراک ئۆباما و جۆرج دەبلیو بۆش و وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆن.